## فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی و ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی هۆڵەندا
## بەشداری خۆپیشاندانی 4-11دەکەن لە شاری دەنهاغ




ڕۆژی شەممە 4–11–2006 کاتژمێر14:00 لە شاری دەنهاغ خۆپیشاندانێکی گەورە سازکرا بۆ بەردەم تەلاری پەرلەمانی هۆڵەندا، لەلایەن ژمارەیەک ڕێکخراوی پەنابەری و حیزب وڕێکخراوە چەپەکانی ئەو وولاتەوە، لەپێناوی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکی سەرتاسەری لە دژی بڕیاری دەرکردن و گێڕانەوەی 26هەزار پەنابەری دانیشتووی هۆڵەنداو بەرزکردنەوەی داواکاری هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارەو دەرکردنی جەنەراڵ پاردۆن بۆ تەواوی ئەو پەنابەرانەی کە ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە. فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقیش بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو لەم خۆپیشاندانەدا، بە بانگەوازکردنی هەموو کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەندا تیایداو بڵاوکردنەوەی سەدان نوسخە لە بەیاننامەیەکی تایبەتی بەم بۆنەیەوە بە زمانی هۆڵەندی لەم ئاکسیۆنەدا. دەیان کەس لە پەنابەرانی کوردی هۆڵەندا هاتن بە دەم بانگەوازی فیدراسیۆنەوەو ئامادەی ئەم خۆپیشاندانە بوون و دەنگی خۆیان خستە پاڵ ئەو هەزاران دەنگە ناڕازییەی کە لەو خۆپیشاندانەدا لە دژی سیاسەتی پەنابەری حکومەتی هۆڵەندا بەرزکرابۆوە.

سەرەتای ساڵی 2004 وەزارەتی کۆچی هۆڵەندی بڕیارێکی دژی پەنابەری پەسەندکردو بەپێی ئەو بڕیارە 26هەزار پەنابەری دانیشتووی هۆڵەندا، کە زیاتر لە 5هەزار پەنابەری کوردی عێراقیشی دەگرتەوە، دەبوایە لە ماوەیەکی دیاریکراودا پرۆسەی گێڕانەوەو دەرکردنیان دەسپێبکرێت. (ڕیتا فێردۆنک)وەزیری کۆچی هۆڵەندی سیاسەتی توندو خێرای گرتە بەر بۆ تەواوکردنی پرۆسەکەو بەکردەوە ئێستا چەندین کەمپی گەورە لە شارەکانی ڕۆتەردام و ئوتریّخت کراونەتەوەو پڕکراون لەو پەنابەرانەی کە پەروەندەکانیان داخراوەو لە هەلومەرجێکی زۆر نائینسانیدا بەگوێرەی ئەو سیاسەتەی فێردۆنک بڕیارە عەزمیان بشکێنن و بە زۆر پەنجەمۆریان لێوەربگرن بۆ ناردنەوەیان بۆ وولاتەکانیان. لەژێر ناوی ئەوەی کە گوایا کوردستانی عێراق ئارامە سەدان پەنابەری کوردی دانیشتووی هۆڵەنداش لەبەردەم مەترسی دەرکردن و بەزۆر گێڕانەوەدان.

بەشداری فیدراسیۆن و کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەندا،بەتایبەتی ئەوسەدان پەنابەرە کوردەی کە پەروەندەیان یا بەسراوە یا چەندین ساڵە هەڵواسراوەو لە چاوەڕوانیدان، لەم ڕۆژەو لەم خۆپیشاندانەدا بە مەبەستی خۆئامادەکردنە بۆ سازکردنی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی سەرتاسەری پەنابەرانی کوردو عێراقی لە

دژی سیاسەتی دەرکردن و داخستنی پەروەندەکانیان لەلایەن دەوڵەتی هۆڵەنداوە. لەم پێناوەدا فیدراسیۆن بەڵێنی داوە بە پەنابەرانی کوردی هۆڵەندا کەمپینێکی جیهانییان بۆ دەسپێبکات بە هاوکاری فیدراسیۆنی سەرتاسەری کە بنکەی سەرەکیی لە شاری لەندەنە. هەر لەمبارەوە دەسمانکردوە بە ناونووسکردنی ئەو پەنابەرانەی کە پەروەندەیان بەسراوە یاخود دەرکراون وە یا تائێستا لە چاوەڕووانیدان.

بەم بۆنەیەوە بانگەوازی تەواوی پەنابەرانی کوردی دانیشتووی هۆڵەندا دەکەین لە نزیکترین دەرفەتدا پەیوەندی بکەن بە فیدراسیۆنەوە بۆ ناونووسکردنیان لە ڕێگای ئەم ژمارە تەلەفۆنانەوە:

کاوە سعید/زڤۆڵە: 0615184684

حەمەغەفور/ ئەمستەردام : 0206316532

توانا هەورامی/دەنهاغ: 0624294687

ڕزگار سالح/دەنهاغ: 0640792055

ئیمایلی فیدراسیۆن: fivnl@hotmail.com

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی-هۆڵەندا

2006-11-6